www.kurdistannet.org
25-2-2006 11:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دا ڕیین... شوان شاربازێڕی

* ئەو باوکی مردووە یەخەی دائەدڕێ
ئەو بوکی نوێ دێنێ جلی بۆ ئەبڕێ....

kurdn@hotmail.de

بەهەزار ناڵەی عەلی تا بابەتێک دەنوسن خودا دەزانێت بەچەند کەس دەکەونە سەرو گوێلاکی ئەوجاش بەنەزۆکی لەدایک دەبێت، نازانم ئەو چەند دانسقە ووشە سەیرانە لەکام فەرهەنگدا دەردەهێنن تا لەناو نوسینە کۆمیدیەکانتاندا تل بدەن.
چ نەهامەتیەک لەوەگەورەترە لەبری وەڵامدانەوە یان بەرەوڕوو بوونەوە هانا بۆ دوعا و نوشتە کردن ببەن، ئاخر کەخۆتان بەرگەی ڕەخنە ناگرن و توانای وەڵام دانەوەی ووتەیەکی مەعریفیتان پێ شک نابرێت بۆ بەزۆرەملێ و پاڕانەوە کەسانی تری تێوە دەگلێنن *، کاتێ لەبەرامبەر شنەبای وەڵامدانەوە دا سوک و باریک هەڵدێن و ڕێڕەوی وون بوون هەڵدەبژێرن، تامەسەلەکان دائەمرکینەوەو بەو هیوایەی کە خەڵک بیریان بچێتەوە بای بای لەنوسین دەکەن، پاش ماوەیەک بەخشپەیی دووبارەخۆتان دەکەنەوە پاڵەوانی مەیدان ولێمان دەبنەوە بەنوسەر، تادیسانەوە نەهامەتییەکەتان چەندبارە دەبێتەوە، ئائەمەیە پیشەتان!
ئەوە پترلەهەفتەیەکە تواناتان نەبووە تەنهایەک بابەتی تازەش لەدوکانەکەتاندا پەخش بکەن جگە لەو چەند بابەتە نەبێت کەپێش چەند ڕۆژێک لە شوێنێکی نەیارتان لەپەخشدایە و ئێوەش کۆپیتان کردووە، هەرچەندە هاوکارەکەشتان ڕای وەک منە کەئێوە خاوەن کۆمپانیان نەک ڕۆشەنبیر بەڵام ئەو دیارە هێشتا درکی بەئیفلاس بوونتان نەکردووە، یاخود نایەوێت دڵتان بڕەنجێنێت؟

ئاخر من هەر زوو پێش بینی ئەوەم کرد کە بەم زووانە تڕۆ دەکرێن (ببورن بۆ ئەو زاراوەیە بەڵام بەدەست من نیە خۆیان هەروایا داناوە و هەرواش هاتووە) .

* ئەوە پێم ناڵێن لەچ کونێکەوە ئەو بەڵاقۆک و پەیامانەی د. کەمال تان بەدەست دەگات؟
* ئایا لەخۆتان نەپرسیوە بۆچ د. کەمال لەهیچ کونجێکدا ناوتان ناهێنێت، تەنانەت لەکاتی ئاخافتنەکەی لەناو زیندانی تاریک و زەنگ دا تەنها بەووتەیەکیش بەسەری نەکردنەوە؟

* ئەرێ ئێوە بۆ کام مەسەلە دەگرین بۆ گرتنی ئەو بەڕێزە یان بۆ بەردەوام بونی بازاڕتان؟
* ئەوەی لەدوورو نزیکەوە ئاگاداری ئەو کێشەیە بێت درکی بەو ڕاستیە کردووە کە ئێوە بونە ئاگری بن کای ئەو مەسەلەیەو ئەو دکتۆرەتان بەم ڕۆژە گەیاند، کە هیوادارم ئەو بەڕێزە بەزوترین کات ئازاد بکرێت، و ڕێگە لەبازاڕ گەرمی ئێوەش بگیرێت.

* چونکە ئامانجەکانتان جیاوازیەکی گەورەی لەگەڵ هزری گشت ڕۆشنبیراندا هەیە هەر زوو نیازی گڵاوتان بەدەر کەوت وە لەو کەمپینانەدا بە تەنها مانەوەو ئینقیلابەکەتان سەری نەگرت، ئاخر لەبەر ئەوەی گشت سیناریۆکان لەلایەن کەسانێکەوە دادەنرێن کە

چەند ساڵە پێیان ئاشناین، بۆیە ئاوازو هۆنراوەی پلانەکانمان لەبەرە، بەدەنگی هەر کەسێک بێت بالەژیانیشی دا هیچی نەچڕی بێت هەر دەناسرێنەوە.
* ئەوە بۆ لەسەر کەیسی نوسەر مەریوان هەڵەبجەیی نقەتان لێوە نایەت؟
ئەی ئێوە بەناو دوژمنی سەرسەختی ئیسلامیەکان نین هەی ئەنتی ئیسلامەکان؟
* ئەی ئەو نوسەرە لەژێر هەڕەشەی کوشتندا نیە بەدەست ئەو ئازیزانەی ئێستاتان؟
یان ئەو مەسەلەیە بۆتان بقەیە چونکە لەدەقەری کەسکدایە و نان بڕاو دەبن!
ئێوە نا.... ئەوان.... پلان داڕێژان.... ..
هەرچۆنێک جل بدرن من حسابی باوک مردووتان بۆ ئەکەم تەنانەت ئەگەر یەکی حەوت ژنی دیش بێنن.
تێبینی...
* ئەم دێرەم لە زاری هونەرمەند عوسمان شاربازێڕی دوە بیستووە یادی بەخێر لەهەر کوێ بێت.

** بڕوانە هاوارنامەکەی پۆلا سەعید: ڕوونکردنەوەیەکی پێویست لە سەر بنەماڵەی شێخان کە چۆن هانا بۆ نوسەر بەختیار عەلی دەبات.

25. 02. 06